# سەندیکا بە نیازە کۆنفراس ببەستێت!!!

## کەیفی مستەفا عەلی

ئەگەر لە دروشمی کۆنفراس وورد ببینەوە چەندین رەهەندی گرنگ و چەندین مانا لە ناخیدا بەرجەستە دەبن، بەڵام دروشم و پراکتیك دوو وێستگەن کە لە یەکێکیان دەست پێ دەکەیت و لەوەی تریان دەوەستیت، جا لەوانەیە نێوان ئەو دوو وێستگەیە هەر کۆتایی پێنەهێت و لەوانەشە بە زووترین کات و کەمترین تێچوون بگەیتە وێستگەی ویستراو لەوێشەوە قۆناغێکی تر دەست پێبکاتەوە، بەڵام ماوەی نێوانیان پێویستی بە چیە و چۆن هەنگاوی بۆ دەنێیت؟ بەستنی ئەو کۆنفراسەش بێگومان هەر لە خۆیەوە نەهاتۆتە ئاراوەو ئەنجام نادرێت دیارە سەندیکا و کۆمەڵەکانی بواری مەدەنی و پیشەیی لە کوردستان روبەرووی چەندین قەیرانی رێکخراوەیی و پیشەیی بوونەوەتەوە لە ئەنجامی دروست کارنەکردن و لە دایك نەبوونی ئاسایی بە رەخسانی هەل و مەرجی بابەتی و خودی، نەخوێندنەوەی راست بۆ واقعەکە و دامەزراندنی رێکخراوەکان لە دەرەوەی ئیرادەی خودی چین و توێژەکان بە مەبەستی جیاو ئامانجی جیا، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کە کۆنفراسی خۆی لە ژێر دروشمی ((سەربەخۆیی لە کاری رێکخراوەیی، با سەندیکا و رێکخراوە مەدەنیەکانیش لە دارشتنی یاسا و بەرێوەبردنی دەسەڵات قسەیان هەبێت)) ئەگەر لە بڕگەی سەربەخۆیی لە کاری رێکخراوەیی ووردبینەوە، لێرەدا راستیەکی حاشا هەڵنەگر دەردەکەوێت ئەویش نا سەربەخۆیىیە لە کاری رێکخراوەیی ئەگەر کەس و لایەنێکیش بلێت رێکخراوەکان سەربەخۆن لە دەرەوەی خودی رێکخراوەکە ئەوا راست ناکات چونکە خاوەن ماڵ لە هەموو کەس زیاتر بە حالی خۆی شارەزایە یاخود (کوچك لە ئاگر گەرمتر نیە). بابزانین بۆچی سەربەخۆ نین، سەربەخۆیی و بوونی هەر رێکخراو و کۆمەڵەیەك وەك کەسێکی واتایی دەبێت، روکنەکانی بنیادی بێنە دی لەوانە خاوەندارێتی دارایی کە دەبێت رێکخراو زمەی دارایی خۆی هەبێت و لەلایەن حکومەتەوە لە رێی حسابی بانکی و ملکەچ بۆ چاودێری دارایی و ژمێریاری پەیڕەو بکات کەچی لێرەدا ئەوا رێکخراوی ناوبراو لە رێی مەکتەبی حزبی و لەژێر چاودێری ئەو وەك فلتەرێك لەوێ وەریدەگرێت، جا لەوانەیە ئەگەر هەندێك هەڵوێستی دژ وەربگرێت بێبەش بکرێت لە داراییەکەی، ئەو راستیەی هەمووشمان دەیزانین زۆربەی سەندیکا و کۆمەلەکان تاکو ئێستا بە پشت بەستن بە خۆیان و پرۆژەکان و ئەندامانیان نەیانتوانیوە لایەنی دارایی سەربەخۆ پێکەوە بنێن کە ئەوەش عەیبێکی گەورەیە بۆ خودی رێکخراوەکان کە تاکو ئێستا سیاسەتی زەرنە قووتە پەیڕەو دەکەن دوای تێپەر بوونی شانزە ساڵ بەسەر دامەزراندن و کارکردن لە بواری رێکخراوەیی، ئەوە هەموومان گەیشتینە ئەو راستىیە کە لەو رووەوە سەندیکاکان سەربەخۆ نین، با بێینە سەر ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت با لە دارشتنی یاسا قسەمان هەبێت، با سەرنجێکیش بدەینە ئەو بڕگەیە جارێ لە هەڵبژاردنی چەندین دەورەی پەرلەمان و ئێستاش لەگەڵدا بێت یەك نوێنەری رێکخراوە مەدەنی و سەندیکاکانمان نەبینی کە ئەندام پەرلەمان بێت و لەلایەن حزبەکانەوە کاندید کرا بێت، بێجگە لەوەش لە دارشتنی یاسای زۆربەی وەزارەتەکان و شرۆڤە کردنی لە پەرلەمان زۆربەی سەندیکا و رێکخراوەکان هەر ئاگایان لێی نیەو چەندین بەڵگە و راستی لەو رووەوە هەن. کەواتە ئەو لایەنەشیان هیچ، بڕگەی سێ و بەرێوەبردنی دەسەڵات، جارێ دەبێت کە تۆ سەندیکا بیت بە دڵی جەنابی وەزیر و بەرێوەبەر قسە بکەیت و ببیتە بەشێك لەو ئەگەر نا ئەوا هەموو دەرگاکانت بەسەر دادەخرێت و بە گێرەشێوێن و تێکدەر لە قەڵەمت دەدات جا ئەگەر سەندیکاش ببێتە بەشێك لەو بێسەر و بەریە ئیداریەی وەزارەت ئەوە هەر بە یەکجاری سەندیکا ماناکانی خۆی لە دەست دەدات، کەواتە ئەو لایەشمان هیچ، جا بۆیە هیوادارم کۆنفراسی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی و ئەندامانی کۆنفراس بوێرانە دوا پەیامی خۆیان لە کۆتایی کۆنفراس بە هەموو لایەك بگەینن و هەنگاوی پراکتیکی و بوێری بە دواوە بێت بەڵکو ببێتە سەرەتایەك بۆ سەرجەم رێکخراوەکان و گوزارشت کردن لە کۆمەڵی مەدەنی جارێکی تر گەڕانەوەی متمانەی چین و توێژەکان بە سەندیکا و رێکخراوەکانیان بڕینی هەزاران میلیش لە هەنگاوی یەکەمەوە دەست پێدەکات.